# بنبەستی فرەرەهەندی

هۆشەنگ شێخ محەمەد
2006/3/25
هەولێر

باسکردنمان لە شعری کوردی ئەگەر لە بنیاتەکانەوە دەست پێبکات و بە شێوەیەکی گشتی باسی بکەین ئەتوانین بڵێن کە شعری کوردی سەرەتا بە بنیاتێکی دینییەوە دەستی پێکردووە و چەندین ناوی درەوشاوەی کلاسیکیش لەو بوارەدا بە شێوەزارەکانی کوردی چەندین تێکستی جوان و پڕ بەهای ئەدەبی و هزرییان تۆمارکردووە.
هەروەها زۆرێکیش تێکستی سۆفیگەرییانەی عارفانەی پڕ لە عەشقی خواوەند و پەیوەندی مرۆڤییان بە خوداوە باسکردووە.
دیارە دین نەوەك تەنیا لە شعر بەڵکو لە تەواوی کەلتووری کوردی و بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ئابوورییەکانیدا بە درێژایی قۆناغەکان رەنگی داوەتەوە. دیارە لە شعریشدا دین بنیاتێکی پتەو بووە و توانیوییەتی بۆ ماوەیەکی درێژ، درێژە بە خۆی بداتن، دیاریشە ئەمە شتێکی سرووشتییە کە بزانین زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد مەلا بوونە و مەلاش بە زهنییەتی دینییانەی خۆییەوە باسی لە دونیا و خوا و مرۆڤ و عەشق و مردن و بابەتەکانی دیکەی ژیان کردووە. بەم شێوەیەش دین بۆتە بنیاتێکی هەرە کاریگەر لە شعری کلاسیکدا و بەتایبەتیش لە ناو شعرە سۆفیزمەکاندا کە لەوێوە مرۆڤ هەمیشە لە ئەزموونەکانیدا لە خوا و وێنەکانی خوا و هێما و رەمزە جوان و بە بەهاکانی ئەگەڕێت و مرۆڤیش تەنیا وەك رەمزێکی بوونی سەروەر تەماشای ئەکرێت و هەر لەبەر ئەوەش جوانە و عاشقی ئەبێت.
وێنەی مرۆڤ لای کلاسیکەکان وێنەی رەمزی خودایە و رەنگێك و نەخشێکە لە نەخشەکانی خوا.
دیارە نموونە شعرییەکانی ئەو سەردەمەش زۆرن و ئەتوانین شعرەکانی مەلای جەزیری و شێخ شەمسەدین قوتبی ئەخلاتی و فەقێی تەیران و عەلی هەریری و چەندانی دیکەش بە نموونە بێنینیەوە.
لەگەل گۆڕانی باری سیاسی و رەوشی کوردستان، شعری کوردیش گۆڕانی بە خۆیەوە دیووە، لەم گۆڕانانەدا سیاسەت و نیشتمان پەروەری و ولاتپارێزی بنەمایەکن دوای دین دێن و خۆیان لە شعردا بە تۆکمەیی ئەنووسنەوە. لەمەشدا شعری کوردی خەرمانێکی زۆری شعری سیاسی و نیشتمان پەروەریی هەیە کە ئەکرێت لە ژێر ناوی شعری بەرگری کۆیان بکەینەوە، بەرگری لە وڵات و بەهاکانی نیشتمان و کوردستان، لەمەشیاندا چەندین نموونەی دیار و بەرچاو هەن وەك پیرەمێرد و بێکەس و قانع و زێوەر و دڵدار و گۆران هتد دوای ئەوەش لەگەل گۆڕانی زیاتری باری سیاسی

و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردی شعری کوردیش گۆڕانی زیاتری بەسەرەوە هاتووە، ئەمجارەیان شعری کوردی لە قۆناغێکەوە دەربازی قۆناغێکی تر ئەبێت وەك ئەوەی ئەزموونی روانگە کردیان کە شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت وەك دووناوی دیاری ئەو قۆناغە و هەروەها شاعیرانی دیکە وەك پەشێو و چەندین ناوی دیکەش کە لە شێستەکان و هەفتاکان پەیدا ئەبن ئەوانیش بنیاتێکی سیاسی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی ئەبەخشنە شعر، ئیدی مێژوو و سرووشت و کۆمەڵ و دەیان چەمکی وەك عەشق و مردن و وڵات و یار و خیانەت و تۆڵە و مێژوو و بەهای دیکە دێنە ناو شعر و لەگەل خۆشیاندا قۆناغێکی دیکە لە شعری کوردیدا ئەبڕن.
رەنگە سەرەتای هەشتاکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵە شاعرێکی دیکەی دوای روانگە و هێنانی هەندێ بابەتی وەك هزر و فەلسەفە بۆ ناو شعر سەرەتای گۆڕانکارییەکی دیکە بێت لە پاڵ ئەو بەرهەمانەی لە سەر دەستی روانگەییەکان و غەیری ئەوانیش بەردەوام ئەنووسران، کەریم دەشتی و دلشاد عەبدوولڵا و عەباس عەبدوللا و چەندین ناوی دیکەش شعرییان ئەنووسی و جۆرێکیش لە جیاوازی لە نێوان شاعیران و ئەزموونەکانیاندا هەبوو.
دوای راپەرین رەنگە فکر و فەلەسەفە و دیتنی نوێ بۆ بابەتەکانی شعر گۆڕانکاری گەورەتریان بەسەردا هاتبێت و چەندین ناوی دیکەش لەدوای راپەڕیندا زیاتر دەرکەوتن و وەك چۆن چەندین ناویش کوژانەوە یان نەیانتوانی لەگەل ئەو رەوتە نوێەدا هەڵبکەن و نەتوانن نهێنی پەیدابوونی ئەو شاعیرە نوێخوازانە بزانن و نەتوانن ئەزموونەکەش هەرس بکەن و دابڕێن یان دژایەتی رەوتە نوێیەکە بکەن و یانیش هەندێکییان بە دوای تەکنیکی جیاواز و دوور تر بگەڕێن و بەردەوام بن لە نووسین.
دیارە ئەوانەی گووتم تەنیا چەند سەرەقەڵەمێکن بۆ چەند بنیاتێکی شعری کوردی و گۆڕانکارییەکانی ئەو بنیاتانە لە ناو شعری کوردیدان دیاریشە هەر قۆناغێکە و پێویستی بە چەندین وەستان و پرسیار کردن و وەڵام دۆزینەوە هەیە، بەڵام من تەنیا مەبەستم لێرەدا ئەوەیە ئەوە بەکورتی بڵێم کە شعری کوردی ئەگەر بە بنیاتی دینی دەستی پێکردبێت و دواییش گۆڕابێتە سەر سیاسەت و نیشتمان پەروەریی و دواییش سۆزداری و عەشقی مرۆڤ بۆ مرۆڤ ، دواییش ئەزموونی نوێتر کە هزر و فەلسەفەیەك هەڵبگرێت و دواتریش دەرکەوتنی راڤە و لێکۆڵینەوەی نوێتر لەسەر ئەو هزر و فەلسەفانە و بەخشینی روانینی نوێ لە شعردا و بە تەکنیکی جیاواز دوای ئەمانەش پێناسەکردنی فرە رەهەندی وەك بنیاتێکی نوێ بۆ شعری کوردی، کە من مەبەستمە زیاتر قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم.

## فرە رەهەندی چۆن سەریهەڵدا؟

رەنگە لە هەشتاکانەوە چەندین تێکست هەبووبن کە داوای نوێبوونەوەی شعری کوردییان کردبێت و روانینێکی نوێ بۆ شعر و راڤەی چەمك و بابەتەکانییان پێشکەش کردبێت، لێ دوای راپەرین دەرگەیەکی زۆر گەورەتر بۆ باسکردن لە نوێخوازی لە شعر و لە کایەکانی دیکە و لە رۆشنبیری کوردیدا کرایەوە، دیارە بەرهەمی شعری هێجگار زۆر بوو لە رووی چەندایەتییەوە زۆر فراوان بوو

**به دەیان دەنگی نوێ پەیدا بوون و هەروەها بۆ دەنگەکانی دیکەش کە لەو کاتەشدا ناسراو بوون دەرگەی تر بۆ بڵاوکردنەوە پەیدا بوون.**
**بۆیە هەر لەسەرەتای نۆهەتەکانەوە بەوە ئاشنا بووین کە فرەرەهەندی لە شعری نوێدا زەرورەتێکە و ئەبێت شعر بەو نەفەسەوە بنووسرێت و تێکست قابیلی خوێندنەوە یجیاواز و جۆراوجۆر بێت، دەقێک بۆی هەبێت دوور لەماناکانی شاعر بخوێنرێتەوە و راڤە بکرێت و تێبگەیێنرێت، دەق پەیوەندی بە شاعیرەوە وەك نووسەر نامێنێت و ( مەرگی نووسەریش ) بووە مۆدەیەك و زۆربەی شاعیرانیش گازی مەرگی نووسەرییان کرد!**
**لێ ئەمرۆ دوای نزیکە بوورینی 15–20 ساڵ بەسەر ئەو ئەزموونەدا ئەتوانین بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشای کەین و لێی بڕوانین.**
**دیارە لەگەل کەریم دەشتی و هاشم سەراج و بەختیار عەلی و قوبادی جەلی زادە وریێبوار سیوەیلی و فەرهاد پیربال و ئەنوەر مەسیفی و عەبدولموتەلیب عەبدوللا و دانا سۆفی و زانا خەلیل و چەندین ناوی دیکەش. ئەو رەوتە توانی پەرە بە خۆی بدات و رۆژ بەرۆژیش دەقی گرانتر و زەحمەتترمان پێشکەش بکەن و زیاتریش خوێنەر لە دەقەکان بترسێت بەوەی تێیان ناگات و ناتوانێت مانای هەقیقی دەقەکان بدۆزێتەوە.**
**لێرەدا ئەگەر پرسیار بکەین ئەم شاعیرانە بۆچ فرەرەهەندی و مەرگی نووسەرییان کردە بانگەوازێك و پەیڕەوییان لێکرد تاوای لێهات ببێتە بنیاتێك و ئەوەی بەم شێوازە نوێیە نەنووسێت بە نوێخواز لەقەڵەم نەدرێت؟**
**ئایا هۆی لەدایکبوونی ئەو دەقانە چی بوو ؟ کە جوان و پڕ ستاتیکا خۆیان ئەنواند و تا ئێستاش هەروا خۆیان ئەنوێنن؟**
**ئایا ئەم شاعیرانە چ جیاوزاییان لەگەل پێش خۆیان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن رێرەوی شعری کوردی بەرەو ئەو ئاراستەیە ببەن و کەس نەتوانێت رێیان لێبگرێت؟**
**ئایا سەرهەڵدانی ئەم شاعیرانە هۆی چی بو؟ هۆیەکەی تەنیا راپەڕین بوو ، کە وەك رووداوێکی هەژێنەر توانی دونیای هزری کوردی بهەژێنێت؟ یان هۆکاری دیکەی زاتییانەی ئەو شاعیرانەشی لە پشتەوە بوو؟ یان رەنگە هەردووکیان بووبن؟ یان رەنگە هۆکاری دیکەش هەبووبن کە تا ئێستا پێمان نەزانیووە؟**

**ئایا ئەو شاعیرانە لەوانەی پێش خۆیان بەهرەدارتر بوون؟ یان لەوان زمانزانتر و شارەزاتر بوون لە زمانی کوردی و زمانی دیکەیان ئەزانی؟**
**رەنگە من لەگەل هاورێی ئەزیزم ( هەندرێن حەمەدەمین ) کۆك بم کە ئەڵێ :" زانینی زمانی دیکە بەتایبەتی فارسی لە لای زۆرێك لەو شاعیرانە یەکێك بێت لە هۆکارە سەرەکییەکانی داهێنانی ئەوان. )**
**بێگومان ئەوە بەو مانایە نا کە ئەم رستەیە بە بەدگومانی لێکبدرێتەوە و بڵێین ئەوان بەرهەمی فارسەکانییان دزیووە یان لەوانیان وەرگرتووە یان شعرەکانی ئەوانیان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی،**

نەخێر ئەوە بەو مانایە کە ئەو کەسانە توانیویانە سوود لەو زمانانە وەربگرن و جوانییەکانی ئەدەبی دونیا و فارسی بەم زمانە بخوێننەوە و دواییش کار لە روانگە و دیتنەکانی ئەوان بکات و هەر لە رێی زمانی فارسی و دواتریش لەڕێ زمانانی دیکەی ئەوروپی و ئینگلیزی دەیان و سەدان سەرچاوەی مەعریفی گەورە و باش بخوێننەوە و تەواوێك شارەزای ئەدەبیاتی گەلانی دیکە و زمانەکانی دیکە بن و لە ئەدەبی کوردیشدا خەرمانەی ئەو زمانانە بەکارببرێن و داهێنانیشی پێ بکەن.

خۆ دیاریشە کورد دەمێکە زمانزانی فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و تورکی هەبووە، دیاریشە دیسان هەندێك لەو زامانزانانە توانیویانە نوێبوونەوە لە ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا بکەن و سوودێکی زۆریش لەو زمانانە بکەن و ئەدەبی کوردیشی بەرە پێشەوە ببەن، بەڵام دیاریشە لەگەل ئەو شاعیرە داهێنەرانەی دوای راپەڕینیش نووسەرانی دیکە هەبوونە پێش ئەوان و لەگەل ئەوانیشدا و دوای ئەوانیش زمانی دیکەیان زانیووە، بەلام نەیانتوانیوە وەك ئەوان داهێنانی پێبکەن. لەمەدا دیارە کە ئەو نووسەرانەی سوودیان لە زمانی دیکە و کتێبخانەکانی دیکە وەرگرتووە توانیویانە ئەو زانینانە ئاوێتەی هزر و بۆچوونەکانی خۆیان بکەن و هەروەها لەگەل ناسینی باری شعری کوردی و خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئەو بوارە، وایلێکردوون جۆرە نوێبوونەوەیەك بکەن ،لەو بنیاتە تەقلیدی و کۆنانە دەرباز بن و جۆرە شعرێکی نوێمان بدەنێ و جۆرە خوێندنەوەیەکی دیکەش بێننە کایەوە و خوێنەریش بە تەنبەل و بە زیرەك وەسف بکرێت و چەمکی مەرگی نووسەر و تەئویلی جۆراوجۆر و فرەرەهەندی و خوێندنەوەی جیاواز سەر هەڵبدات.

بە کورتی ئێمە ئەتوانین زانینی زمانی دیکە لە لای ئەوانەوە بە سەرچاوەی داهێنەکانیان دەستنیشان بکەین. هەروەها بەسەرچاوەی ئەو گۆڕان و بانگەوازانەی ئەوانیش بکەین بۆ چەمکی فرەرەهەندی و ڤەقەتیانی نووسەر لە تێکست و چەمکی مەرگی نووسەر و ئازادی خوێندنەوەی تێکستدا. کە ئەمەش دیسانەوە جۆرەها بابەتی نوێی لە خوێندنەوە و نووسینی شعردا دروست کردوو چەندین بابەتی نوێتری داینێ بۆ رەخنە و خوێندنەوەی شعر.

لەوانە دابڕانی شعر لە شاعیر خۆی، بەوەی پێویست ناکات ئێمە لە رەخنەدا پشت بە ژیان و رووداو و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانی نووسەر ببەستین و تەنیا سەودا لەگەل تێکست بکەین و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان نووسەر و تێکستدا نەهێڵینەوە ؟ یان جۆرەها خوێندنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و مەعریفی و جیاواز بە تێکست بدەین، دوور لە مانای هەقیقی نووسەر کە رەنگە لەگەڵی تەبا بین یان جیاواز؟

هەروەها شاردنەوەی مانای هەقیقی لە خوێنەر و بە مژاوی کردنی تێکست بۆ ئەوەی خوێنەری جۆراوجۆرتر بۆ تێکست دروست ببێت و خوێنەر بتوانێت چەندین مانا لە تێکست ببینێتەوە نەوەك یەك تاکە مانا یان یەك رەهەند لە خوێندنەوەدا بەرهەم بێنێت؟

هەروەها ئەمە وایکرد رۆژ بە رۆژ دەقی ئەستەمتر و مژاویتر و شاراوەتر دروست ببێت تا وایلێهات دەقەکانی هەندێ نووسەری پێشەنگ لەو بوارەدا زۆر بە ئاسانتر خۆیان بەدەستەوە بدەن لەو دەقانەی کە دوایی نووسران یان ئەوانەی کە ئێستاکەش ئەنووسرێن؟

## فرەرەهەندی لە نێوان بزرکردنی مانا و بزربوونی مانادا.

**ئایا ئەو شاعیرانەی بانگەشەیان بۆ فرەرەهەندی کرد ئەوان مانای شعرییان بزرکردبوو یان لە خۆێنەریان بزرکرد؟ بەو مانایەی ئەو تێکستانە ئایا لە لای شاعیرەکان خۆیان مانایەکی دیار و ئاشکرا و هەقیقی هەبوو و لە خوێنەرییان ئەشاردەوە؟ یان لە لای خۆشیان مانای تێکستەکانیان دیار نەبوو و پەیوەندی خۆشیان لەگەل تێکستەکانی خۆیاندا تەنیا پەیوەندی خوێنەر و تێکست بوو ،نەوەك نووسەری تێکست؟؟**

**وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر لە هاوکێشەکانی ئەو داهێنانانە و ئەو رووداوانەی شعر ئەگۆرشێت. چونکە ئەگەر شاعیران خۆیان مانا هەقیقییەکانی شعرەکانی خۆیان بزانن و تەنیا لە خوێنەری بشارنەوە ئەوە ئاراستەکانی شعر بە قەراغێکدا ئەبەن کە دوایی رەنگە تۆزێك ناکۆك بێنەوە لە گەل کردەی داهێنان و وەرگرتنی فرە رەهەندی بە کارێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ کە بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆرتر درێژە بە خۆی بدات و خۆی و شعریش بە بنبەست نەگات؟!**

**بەلام ئەگەر وەلامەکە ئەوە بێت کە شاعیرەکان خۆشیان مانای دێر و وێنە شعرییەکانیان نازانن ئەوە ئەو کاتە ئەبێت ئێمە بێین و باسی ئەو تێکست و ئەو جۆرە خوێندنەوانە بکەین و ئەو مانایانەی خوێنەر ئەیانداتە تێکستەکان کا چەندییان لەگەل هی شاعیر تەبان و چەندیشیان ناکۆکن؟**

**من پێموایە رەنگە تێکست هەبێت قابیلی خوێندنەوەی جیاواز بێت و بە گوێرەی ئاستی رۆشنبیری خوێنەر مانای جیاواز بە تێکستەکە ببەخشرێت. بەلام ئایا ئەو خوێندنەوانە ئەتوانن نەفی مانای هەقیقی شاعیر بکەنەوە؟!**

**رەنگە بلێن ئا ئەتوانێت، بەلام ئایا لەگەل جۆرەها خوێندنەوەشدا ئایا خوێندنەوەکان تەواو نابن و مانای تێکستیش بە بنبەست ناگات؟!**

**با بلێین ئێمە توانیمان خوێندنەوەیەکی مەعریفی و خوێندنەوەیەکی دینی و خوێندنەوەیەکی کۆمەلایەتی و خوێندنەوەیەکی فەلسەفی و خوێندنەوەیەکی هزری و خوێندنەوەیەکی زمانەوانی و خوێندنەوەیەکی ستاتیکیمان بۆ تێکستێك کرد، و چەندین مانامان دایێ ، باشە دوای ئەو خوێندنەوانە چی بۆ تێکستەکە ئەمێنێتەوە؟ رەنگە تەنیا مانای هەقیقی شعرەکە بمێنێتەوە کە لە لای شاعیر خۆیەتی و پێمان نالێت؟**

**لێرەدا ئێمە درك بەیەك هەقیقەت ئەکەین کە ئەوەیە تێکست چەندین مانای جیاوازیش پەخش بکات هەر ئەگات بە بنبەستی مانا . مانای بێکۆتایی لە شعردا یان راستتر لەو تێکستانەدا بە شێوەیەکی گشتی هەبوونی نیە، بەلکو ئەوەی هەیە مانایەکی هەقیقییە کە لە لای شاعیرە و بە ئێمەی نالێت و لێی شاردووینەتەوە. واتە مانا لە شعردا هەیە بەلام بزرە، ئەوەش جیاوازی زۆرە لەوەی کە شعر بێ مانا بێت و تۆ مانایەکی خۆتی پێ ببەخشیت، ئەو تێکستانە خودان مانان،**

مانایەکی هەقیقی و چەندین مانای وەهمی، هەر خوێندنەوەیەك وەهمێکە و خوێنەر ئەیداتە تێکستەکە بەڵام مانای هەقیقی لای شاعیر خۆیەتی و هەبوونی هەیە و تێکست ناتوانێت حاشای لێبکات، حاشا لێکردن بە مانای نەفیکردنی هەبوونی مانا نابێت، بەڵکو ئینکارێکە و زیاتر نا، یان راستتر بڵێم درۆیەکە و زیاتر نا، ئەوەش ئەمانگەرێنێتەوە سەر کێشەی راستگۆیی و درۆکردن لە شعردا، کە چۆن لە کلاسیکدا یان لە بنیاتە تەقلیدییەکاندا هەندێجار درۆی گەورە بە شعری چاك ناو ئەبرا و شاعیری درۆزنتر شاعیری بەتواناتر بوو، ئەوە ی ئێستاش زۆر جیاوازی نیە لەگەل ئەو تێگەیە بەوەی تۆ چەند مانای هەقیقی شعر ئینکار بکەیت و بیشاریتەوە شاعیری چاکتریت و بەتواناتریت، شاردنەوەی مانا درۆییەکە و خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانیش زیاتر و زیاتری شاردنەوەی هەقیقەتی شعرەکەن.

شاعیر چەندی بڵێت من پەیوەندیم بە شعرەکەوە نەماوە نابێتە بنکەیەك بۆ ئاواکردنی مانای نوێتر لەسەر هیچ بەڵکو ئاواکردنی مانایە لەسەر بناغەیەك کە مانایەکی هەقیقی تێدا شاردراوەتەوە.

پێموایە نەمانی پەیوەندی لە نێوان نووسەر و تێکستیشدا یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە هاوکاری نووسەران ئەکەن بۆ ئەوەی ماناکانی خۆیان دفن کەن و نەهێڵن رووناکییان بەر بکەوێت، نەزانینی شتەکان و رووداوەکانی نووسەر و سەرچاوەی خوێندنەوە و نووسینەکانی و بەسەرهات و ژیانی پاڵدەرێکن بۆ ئەوەی خوێنەر سەرەتا بە نووسەر نامۆبێت ، ئینجا بە شعرەکانی و مانا هەقیقییەکانی تێکستەکانی.

ئیدی خۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان نووسەر و ژیانی نووسەر و تێکستدا کە لە کردەی خوێندنەوەدا تێك ئەشکێت هەر لە خۆڕا نیە و خزمەتی ئەو تێگەیە ئەکات کە تۆ بە ماناکانی شاعیر نەگەیت.

ئەمەش وایکردووە کە ئەوتێکستانە یان با بڵێین هەوڵێکە لە لای ئەو تێکست نووسانەوە بۆ ئەوەی تەمەنێکی زیاتر لە ڕێی ئەو خوێندنەوە جۆراوجۆرانەوە بە تێکستەکان و خۆشیان بدەن؟!

من پێموایە ناسینی سەرچاوەکانی نووسەر و تێکستی سەرچاوەکانیش پێویستن بۆ ئەوەی بە مانا هەقیقیقییەکان بگەین و بتوانین ئەو مانایانە کەشف کەین کە نووسەران باسی ئەکەن ئەویش لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بزانین کا ئەوان چیان لەبەردایە و چیان پێیە و چەند هزر و ماریفە و فەلسەفەی کۆن و نوێیان ناسیوە و باسی چیمان بۆ ئەکەن، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەیە لە نهێنی ئەو داهێنان و ئەو تێکستانە بگەین و بزانین ئەو شعرە بەرەو کوێمان ئەبات و چیمان لێئەکات؟!

## دەنگی رۆحییانەی شعر

ئەگەر مانا بزرکردن ئەرکی ئەو تێکست و تێکست نووسانە بێت ئەوە بەو مانایە دێت کە ئەبێت ئێمە پرسیار لەوە بکەین ئێستا شعر ئەتوانێت چی بکات کە بزرکردنی مانا فریای نەکەوێت و ئەویش بکەوێتە بەر رەخنە و رەتکردنەوە؟ ئایا شعر بەرەو کوێ بڕوات و چی بکات؟

ڕەنگە گەشتن بە بێکۆتایی مانا لە شعردا یەکێك بێت لەو ڕێیانەی کە بنیاتی فرەرهەندی خوێندنە وە وەهمییەکانی پێ بشکێت، بێکۆتایی مانا بەو مانایە کە تێکستانێك لە دایك بن مانایەکی هەقیقییان نەبێت و بە ئەنقەست بۆ خوێندنەوەی جۆراوجۆر بشاردرێنەوە، بەڵکو مانای بێکۆتایی ببێتە بنیاتێکی هەقیقی شعر و شعر خۆی ئەو توانایەی هەبێت کە خاوەنی مانایەکی هەقیقی شاراوە نەبێت لە لای شاعیردا و تێکستیش نەچێتە بنباری خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان، بەڵکو تێکست ئەو دەنگە روحییە بێت کە بتوانێت دەنگی سیاسەت و دین و کۆمەڵایەتی و هزر و فەلسەفە و دیتن و روانینەکانی مرۆڤ لە ناو خۆیدا فەنا بکات و وەك دەنگێکی روحی کاملان بێتە دەر و بەسەر کاغەزەکاندا بۆ ئەبەد پەرش ببێت و نەتوانین بە مانای دیار و نهێنی بیگرین ، بەڵکو زمانێك بێت بەردەوام لە گەشانەوەدا بێت و هیچ خوێندنەوەیەك نەتوانێت ئەو گەشانەوەیە بگرێت و بەتاڵی بکاتەوە، کردەی خوێندنەوە گرتنی ئەو رۆشنایانەی زمان نەبێت بەڵکو تەنیا بەدواداچوونی ئەو پنتە رۆشنانە بێت و تێکەڵاوبوون بێت لەگەڵیاندا بێئەوەی بتوانێت بیانگرێت و خەفەیان بکات بە ناسینی ماناکان بیانکوژێنێتەوە وەك ئەوەی ئێستا باوە، کە کردەی خوێندنەوە کوشتنی رۆشناییەکانی ئەو تێکستانەیە کە لەبەر ئەو رۆشناییە لە دایك ئەبن و تەنیا بۆ ئەوەش ئەنووسرێن خوێندنەوە بێت بیانکوژێت.

دەرچوون لە دەسەڵاتی مانا ئەو ڕێیەیە کە ئەتوانێت دەریچەیەکی نوێ لە شعری نوێی کوردیدا بکاتەوە؟!

چونکە تا شعر لە بن دەسەڵاتی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا ئازاد نەبێت ناتوانیت خۆی ئازاد بکات و مانای بێکۆتاییمان بداتێ.

فرەرەهەندی دەنگی دین و سیاسەت و هزر و فەلسەفە و ماریفە و سەوداییەکی نوێ بوو لەگەل دونیا و هەبوون، بەلاّم نەیتوانی دەسەلاّتی مانا لە شعردا نەهێلێیت بەڵکو ئەو ڕێیەی دا کە هەموو کایەکان لە شعردا دەسەلاّتی ماناکانی خۆیان بسەپێنن، لە ناو شعردا هەموو دەنگەکان هەبوون و فەنانەبوون، شاعیرەکانیش تا سەر ئێسقان دەسەلاّتی ماریفی و هزری و فەلسەفی خۆیان و هەڵوێستەکانی خۆیانیان بەرامبەر بە چەمکەکانی هەبوون لە شعردا بارکرد و شعرییان کردە کانگای دەسەلاّتی مانا جۆرار و جۆرەکان، نەیانتوانی دەسەلاّتی هەقیقی خۆیان و مانا هەقیقییەکانیان فەنا بکەن.

خوێندنەوەی شعریش تەنیا بووە دۆزینەوەی ئەو دەسەلاّتانە و خوێندنەوەیان.

بۆ ئەمرۆ ئێمە پێویستیمان بەو گۆڕانە هەیە بەوەی شعر لە دەسەلاّتی ئەو شاعیرانە دەرباز کەین و شعرێکی ئازاد لە دایك بێت بێئەوەی دەسەلاّتەکانی مانای شاعیری تێدا بێت، شعر ببێتە دەنگی روح ، روحێك کە توانیبێتی دەنگەکانی دیکە لە ناو خۆیدا فەنا بکات و لەگەل لەدایکبوونی شعردا شاعیرەکە بمرێت. مردنی شاعیر ئەگەر مردنی سیستمی بیرکردنەوەی ئەو نەبێت لە تێکستدا ئەوە تەنیا گازییەکی بێ بنەمایە.

فرە ڕەهەندیش ئەو کاتە ئەگاتە کرانەوەیەکی بێکۆتایی کە بتوانێت هەموو بنیاتەکان لەناو خۆیدا فەنا بکات و دەنگی هیچ کایەیەکی لێوە نەیەت.

**ئیدی فەنابوونی بنیاتەکان لە شعرد رەنگە تاکە دەریچەیەکی نویَ بێت بۆ دەربازبوون لـە بنبەسـتی بنیاتە تەقلیدییەکانی دین و سیاسەت و کۆمەڵایـەتی و پـەروەردەیی و هـزری و فەلسـەفی و زانسـتی و فرەرەهەندی و  هتد.....**